بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە (٣٩) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ١٩/١١/٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە(٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: هەموو زەویەکی کە تەسویەی تەواو نەبووبێ یا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ، ئەوا بە ئەمیری سرف دادەنرێ و ئەم زەویانەی خوارەوەیان لێ بەدەردەکرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١-ئەو زەوییە كشتوكاڵی و باخانەی كە موڵكی سرفن بەپێی سەنەدی تاپۆ كە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

٢-ئەو زەوی و باخانەی كە بەتەواوی وەقف كراون بەپێی سەنەدی تاپۆ یان بەڵگەیەكی وەقفی كە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

٣-ئەو زەویانەی بە درەخت چاندراون بۆ ماوەیەك لە (١٠)دەساڵ كەمتر نەبێ وتێكڕای ژمارەی درەختەكانی لە دۆنمێكدا لە(٤٠) چل درەخت كەمتر نەبێ.

٤-ئەو زەوی و باخانەی كە بڕیاری ژمارە(٧٠٢)ی ساڵی ١٩٧٣ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە.

دووەم: هەر كەسێكی گوتی مافی بەكارهێنانی زەوییەكی ئەمیری كشتوكاڵیم لەو ناوچانەدا هەیە كە تەسویە نەكرابێ یاخود تەسویەكەی تەواو نەبووبێ، یاخود بڕیارەكانی چەسپاندنی مافی زەوییەكەی بەپێی یاسای چاكسازیی كشتوكاڵی ژمارە(١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ نەگەیشتبوونە پلەی قەتعی، یان ئەوانەی بڕیاری تەسویەكەیان هەڵوەشاوەتەوەو ئیسپات بوو بەپێی مامەڵەی كشتوكاڵی پێش جێبەجێ كردنی یاسای چاكسازیی كشتوكاڵیی ناوبراو بەكاری هێناوە، ئەوا ئەو ڕووبەرەی كە بەكاری هێناوە بەناوی دەوڵەت تۆماردەكرێ و مافی بەكارهێنان دەدرێت بە بەكارهێنەرەكە بە مەرجێك لەو ڕادەیە دەرنەچێت كە لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥دا هاتووە. بەبێ دەسكاری كردنی ئەو مافانەی كە چەسپێنراون بەپێی بڕگەكانی (١، ٢، ٣، ٤)ی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

سێیەم: وەزارەتی شارەوانی لێكۆڵینەوەیەكی گشتی ئامادە و پێشكەش دەكات بۆ بەیان كردن و دەستنیشان كردنی ئەو زەویانەی دەكەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شارەوانییانەی كە حوكمەكانی ئەم یاسا دەیانگرێتەوە لە ماوەیەكدا كە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی جێبەجێ كردنیەوە و پرۆژەی یاسایەك بە چۆنیەتی قەرەبوو كردنەوەی خاوەنەكانیان بەپێی یاسا كارپێكراوەكان پێشكەش بكات.

**ماددەی دووەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

**ماددەی سێیەم:**

هەردوو وەزیرانی كشتوكاڵ و شارەوانی بۆیان هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنن هەر یەكە بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئاسان كردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

هەولێر
٢٢/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ كوردی
١٣/كانوونی یەكەم / ٢٠٠٧ زایینی
٤ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ كۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com